www.kurdistannet.org
17-10-2006 20:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەڵامی پرسیارەکانی سەردانەکەی ئەردوگان بۆ ئەمریکا سەردانی کۆندالیزا رایزە بۆ هەولێر ... عمر شریف

کفری

رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمرۆ کە جێگای بایەخی تەواوی وڵاتانی زلهێز و بڕیار بەدەستەکانە، هەروەها میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندن هەواڵە بەپەلە و خێراکانیان لیرەوە وەر دەگرن و بایەخی تەواوی هەیە بۆیان، دۆزی کورد لە کوردستانی گەورە بەتاییەتی (عێراق و تورکیا) بەشی شێری لەم بایەخ پێدانە هەیە، هەرچەندە ئەم بایەخ پێدانە چڕ ببێتەوە ئەوەندە زومی کامیراکان و سەرنجی سیاسەت مەداراکان لەسەر بشووری کوردستان (عێراق)، چونکە خاوەن کیان و حکومەت و پەرلەمان و بریاری سەربەخۆی خۆیەتی و لە هاوکێشەکان لەیەکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، ماوەیەکە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی PKK زۆر! هەوڵی ناوخۆی و دەرەکی کەوتونەتە گەر بۆ نەهێشتنی ئاگری شەر و ئاژاوە لە ناوچەکە، بۆ کوردستانی باکوریش ناوچەکە چەند ئارام بێت ئەوەندە لەبەرژەوەندیدایە، دەستەڵاتی سیاسی کوردستانیش لەم هاوکێشەیەدا رۆڵ دەبینێت، هەموو هێڵە سەرەکیەکانی لایەنی نەتەوەی و بەرژەوەندی کوردی لەبەرچاو گرتووە، لەبەرامبەر ئەمەش تورکیا ناچێتە ژێر باری ئەوەی کێشەکە وەکو دوولایەنی شەر و ئاشتی سیاسیانە چارەسەر بکات و لەم چارەسەرکردنەشدا نایەوی رۆڵی کورستانی تێدا بێت، جارێ هەر باوەڕی بەهێز و چەك هەیە ئەگەر واش نەبێت بەڵام دیوی ئاشکرای باوەڕیان ئاماژەی بەو جۆرە دەکات، سەردانەکەی ئەم دوایەی ئەردوگان بۆ ئەمریکا و کۆبونەوەکانی لەگەڵ جۆرج بۆش بێگومان چەندی بۆ مەبەستە راگەیاند راوەکا چوو بوو، لەوە زیاتریش بابەتی نهێنی و شاراوە باس و خواستی لەسەر کراوە، لەم کات و ساتەدا ناتوانین ئەوە بڵێن و بیزانین گشت باسەکانی گفتوگۆ دوو قۆڵیەکە چی باس کراوە، بەڵام بێگومان کوردستان و پرسی کەرکوك و داهات و نەوتی کوردستان و هاتنی کۆمپانیا بیانیەکانی تیا بووە، لەگەڵ هاتنەکەی کۆندالیزا رایس بۆ کور! دستان هەندێك لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئێمە ئەداتەوە، بونی ئاڵای ك وردستان و ئارمی حکومەتی هەرێم و پێشوازی سەرۆك بارزانی بە شێوەیکی فەرمی و دیداریان لەگەڵ کاك نێچیرڤان و حکومەتی کوردستان نەبوونی ئاڵا کۆنەکەی بەعس ئەمەشیان بۆ خۆی وەڵامێکی پڕ بە پێستە بۆ ئەردۆغان و ئەوجار بۆ رای گشتی تورکیا و جیهان، تا ئێستاش لە تورکیا بەتاییەتی (عەسکەر و جەنەراڵەکان کە بریاری یەکلای کەرەوەیان بەدەستە) باوەڕێکی بەهێزیان هەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بە لایەنگر ئەزانن نەك بە ناوبژیکار بۆ چارەسەر کردنی پرسی (PKK)، هەروەها باوەڕیشیان وایە یان باشتر وایە بڵێن خۆیان وا پیشان ئەدەن پرسەکە (PKK) بە شەڕ چارەسەر دەکرێت نەك بە چارەسەری سیاسانە، کەئەمەی دوای چارەسەری گونجاو عادیلانەیە، هاتنی خودی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان بەو شێوە فەرمیە ئەو راستیەی سەرەوە دەسەلمێنێت وەڵامێکیش بۆ ئەنقەرە کە بی کوردستان و عێراق چارەسەری PKK مەحاڵە، ئێستا بە هۆی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی پازدە ساڵی ڕابەردووە لە مامەڵەی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ دەرهاوسێکان و جوڵانەوەی هۆشیارانە لەگەڵ کێشەکان و پاڵە پەستۆ بازاری ئەوروپا، پەیدا بوونی پارت و کەسانی سیاسی و رۆشنبیرانی میانڕەو وایان کردووە دیدی تورکیا لە چاو ڕابەردوو بگۆڕێت بەرانبەر کوردی باشوور هەر چەندە ئەم باش بوونە وەکو ڕێژە زۆر کاریگەر و جێگیر نیە بەڵام گۆڕانێ! کی پۆزەتیڤە و هەستی پی دەکرێت، ئەکری لە ئایندە پەڕە بەم لەیەك حال ێ بوونە بدرێت و تورکیاش دان بە ئەمری واقعیدا بنێت.